# لەیلا ئەفشار: چێژ لە مۆزیک ژەنین وەردەگرم



لەیلا ئەفشار لە دایکبووی وڵاتی ئێران، دوای ئەوەی بەشی گیتارزانی لە هونەرستانی مۆزیک تەواو دەکات، ساڵی ١٩٧٧ دەچێتە ئەمریکا، لەوێ بڕوانامەی لیسانس لە مۆزیک وەردەگرێ. ئەو یەکەمین ژنە کە توانیویەتی دکتۆرا لە گیتارو مۆزیکدا بەدەست بێنێ .

ناوبراو توانیویەتی باشترین خەڵات لە دامەزراوەی گیتاری کلاسیکی ئەمریکا، ڤێستڤاڵی ئیسپانیا و چەند شوێنی دیکە وەربگرێ .

دکتۆر لەیلا ئەفشار بێگومان یەکێک لە ناودارترین گیتارناس و مۆزیکژەنی جیهانە. ئەو کۆرسی پرۆفیسۆری خۆی لە ساڵی ٢٠٠٠ لە دانشگەی مومفیس تەواوکردووە، تا ئێستا سەرپەرشتی دەیان نامەی لیسانس و ماجستەر و دکتۆرای کردووە. ناوبراو لە هۆڵە ناودارەکانی ئەوروپا، ئاسیا، ئەمریکای باشوور و باکووردا دەیان بەرهەمی خۆی پێشکەش کردووە. لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە :

پرسیار : جگە لە مۆزیک ژەنین پێوەندیت لەگەڵ ئاوازدانان چۆنە ؟

وەڵام : لە سەردەمی فێرخوازیدا زانستی ئاوازادانانم خوێندووە، بەڵام زیاتر ئامانجم مۆزیک ژەنین بووە، هەرچەندە لەگەڵ زۆر لە ئاواز دانەران کارم کردووە، بەرهەمی هاوبەشمان پێشکەش کردووە، بەڵام زیاتر چێژ لە مۆزیک ژەنین وەردەگرم .

پرسیار : کێن ئەوانەی رەخنە لە مۆزیک و ژەنین دەگرن ، رەخنەگری راستین کێن ؟!

وەڵام : بێگومان دەبێ کەسانێک رەخنە بگرن کە خۆیان مۆزیکزان و مۆزیکناس بن، یا مۆزیکژەن بن دەنا لە توانایان دانابێ رەخنەیەکی بەجێ و سوودمەند بگرن. باشتروایە کە هونەرمەندانە و بەچاوی یاری لەگەڵ مۆزیکدا کار بکرێ، دەبێ رەخنەگر کەسێکی لێهاتوو، رۆشنبیر و شارەزا بێ و توانای ئەوەی هەبێ بەرگەی کاری نوێ بگرێ و ئامادەیی بۆ نوێکاری تێدا هەبێ. نابێ بڵێ دەبێ مۆزیک تەنیا بەم شێوەیە پێشکەش بکرێ، چونکە مرۆڤەکان جۆراوجۆرن ئەوانەی کە دەیانەوێ گوێ لە کۆنسێرت یان پارچەیەک مۆزیک بگرن .

زۆر جاران گیتاریستەکان پێش ئەوەی بەرهەمەکانیان بڵاو بکەنەوە بۆ منیان رەوانە دەکرد تا رەخنەو سەرنج و تێبینیان بۆ بنووسم، بەڵام من دەبوایە ئەو خاڵانەی پەنجەیان دەخەمەسەر زۆر بە وریایەوە رەفتاریان لەگەڵدا بکەم .

پرسیار : ئایا گیتار ژەنێکی لێهاتوو بۆ بەڕێوەبردنی کۆنسێرتێک چ بە شارەزای دەوێ ؟!

وەڵام : سەرەتا دەبێ لە بواری تەکنیک و ژەنیندا توانایێکی باشی هەبێ، بتوانێ هاوهەنگی لەگەڵ ئامێرەکانی دیکەدا بکات، بتوانێ خۆی رابهێنێ کە بە چ شێوەیەک هاوسەنگی دەپارێزێ، هەڵبەت دەبێ کۆنسرێتی پیانۆ باش بزانێ، چونکە بەشی ئۆرکسترا بچووکتر دەکاتەوە، سەرەتا بە پیانۆ مەشق دەکات.

پرسیار : ئایا کاری کێبەرکێ لە گیتار ژەنیندا سەخت نیە ؟ ئایا وەدەستهێنانی خەڵات لە کۆنسێرتێکدا رێگەیێک بۆ وانە گوتنەوە لە زانستگە دەدۆزێتەوە ؟!

وەڵام : ئێستا گیتاریستی باش زۆرن، بۆیە هەمیشە کێبەرکێ دەکرێ، بەڵام پێشکەشکردنی بەرهەمی نوێ گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، هەموو گیتاریستەکان دەبێ بەرهەمی نوێ بئافرێنن تا پێشانی بدات کە هەنگاوی بەرەو پێشەوەی هەڵهێناوەتەوە. ئێستا وردەکاری و پێبەندبوون بە تەکنیک و هونەری مۆزیک لە پێشەوەیە، دەبێ دنیای تازە بەو هەموو مۆزیکژەنەوە بەرهەمی ناوادە پێشکەش بکات و شێوازێکی دیکەی بۆ دەربڕین هەبێ .

بۆ گەیشتن بە ئاستی کۆنسێرت و پێشاندان ئەگەر کەسێک بیهەوێ دەبێ هەوڵبدات لە کێبەرکێکاندا بیباتەوە، تا بەو هۆیەوە بتوانێ لە هەموو شوێنێکی جیهاندا پێشوازی لێبکرێ، پاش هەر ئەلبومێک ( بەرهەم)ێکی نوێ لەوانەیە خەڵات چاوەڕوانی بکات، بۆیە زۆر گرنگە بە لێهاتووی و خۆ ماندووکردنەوە ئامادەکاری بۆ بەرهەمەکانی بکات .

# رۆبۆتێکی سەماکەر

لەم دواییانەدا پەیمانگەی تۆژینەوەی رۆبۆتەکانی زانکۆی هاربینی وڵاتی چین توانیان نموونەیەکی سەیر کەهەم دەتوانێ وەکو ئێشکگر کار بکات، هەم ئەگەر بتەوێ سەمات لەگەڵدا دەکات ، پێشانی بینەران بدەن.

ئەم رۆبۆتە لەتوانای دا هەیە رووداوی ئاوارتە ئاشکرا بکات، ئەگەر هاتوو ئاگر بکەوێتەوە، شوێنێک بسووتێ ، دزێ بکرێ




یان دەستدرێژی بکرێتەسەرو ئازاری بدرێ، یەکسەر پەیوەندی بەئاسایشەوە دەکات و هەواڵەکەیان پێڕادەگەیەنێ.

وریابن ئەو رۆبۆتە گەلێک توانای دیکەشی هەیە، کاتێ هاورێیەتی بکەی توواناکانی خۆی پێشانت دەدات .

# ٤٠٠٠ سۆزانی لەدوبەی دەردەکرێن



هەواڵەکان : رۆژنامەی سیڤن دەیز (حەوتەمین رۆژ) بڵاوی کردۆتەوە کە پۆلیسی شاری دوبەی لەهەڵمەتێکی گشتگیردا بۆ پاککردنەوەی شارەکە لەئافرەتانی سۆزانی توانیان لەماوەیەکی کورتدا ٤٣٠٠ ئافرەتی سۆزانی دەستگیر بکەن کەهەموویان لەوڵاتانی دیکەوە بەمەبەستی سێکسفرۆشی روویان لەدوبەی کردبوو، لەوێش کاری لەشفرۆشیان ئەنجام دەدا.

ئەوەی شیاوی باسە ساڵی رابردوو کاربەدەستانی ئیمارات یاسایێکیان دەرهێنا کەسزای توند بەسەر ئەو کەسانە دەسەپێنێ ک ەلەبوارەکانی سێکسفرۆشی و زۆرکاری و رەفتاری درندانە بازرگانی بەمرۆڤەوە دەکەن.

دەبێ بگوترێ کەدوبەی ناودارترین شاری کەنداوە کە ئافرەتانی سۆزانی وڵاتان بەمەبەستی پارە پەیداکردن تێیدا نیشتەجێ دەبن. ساڵی رابردوو کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کەهەولێر دەکەن بەدوبەی !! بەڵام کوردستانیان هەزار نەفرەت لەشارێک دەکەن کەلەماوەی یەک رۆژدا ٤٣٠٠ ئافرەتی سۆزانی تێدا دەستگیر بکرێ.

# گورگێک شازدە کەس بریندار دەکات



**هەواڵەکان:** سێ رۆژ بەر لەجەژنی نەورۆز گورگێکی هار پەلاماری گوندێک دەدات و شازدە کەس بەسەختی بریندار دەکات.

بەگوێرەی زانیاریەکان کاتژمێر ١٨،٣٠ی رۆژی١٨-٣-٢٠٠٧ گورگێکی هار پەلاماری گوندی (دەشتەک)ی پارێزگای شیرازی وڵاتی ئێران دەدات و دانیشتووانەکەی لەداو دەخات، شازدە کەس بریندار دەکات.

ئەو گورگە بەئەندازەیەک برسی و هار بووە کە پەلاماری گەورەو بچووکی داوەو ویستویەتی خۆی تێر بکات، بەڵام ناکام ماوەتەوەو گیانی خۆی لەسەر داناوە.

سەرەتا گورگە کە هەڵدەکوتێتەماڵێک، پەلاماری دوو کەس دەدات و برینداریان دەکات، ئەوان راوی دەنێن، لەکۆڵان پەلاماری منداڵێکی ١٢ ساڵان دەدات و زامداری دەکات ، ئەوسا هێرش بۆ دوو لاوی تەمەن ١٦ ساڵان دەباتو برینداریان دەکات. لەئاکامی هاتوهاواری ئەو گەنجانە خەڵکی ئاوایی کۆدەبنەوەو گەلەکۆمەکی لێدەکەن، بەڵام بۆیە گورگە دەست ناپارێزێ ئەوەی لێی نزیک دەکەوێتەوەگازی لێدەگرێ و دەیەوێ بیخوات . کوشتنی ئەو گورگە ئاسان نابێ، کۆڵان بەکۆڵان رادەکات، پەلاماری خەڵک دەدات ، هەڵدەکوتێتە ماڵان و بەسەر بانان دەکەوێ و دەیەوێ خۆی دەرباز بکات، بەڵام سەرەنجام دوای شەڕێکی یەک کاتژمێری بەگەلەکۆمەکی خەڵکەکە دەتوانن بەدارو تەورو خاکەناس گورگەکەبکوژن .

بەگوێرەی قسەی بریندارەکان گورگەکە هەموو پەلامارەکانی بۆ سەروچاوی کەسەکان بووەو ویستویەتی بەزووترین کات نێچرەکەی پەلەواژ بکاتەوەو سگی برسی خۆی تێر بکات .




جەبار سابیر

## دیسانەوە گەندەڵی

هەر لەسەرەتای دامەزراندنء دەستِ بەکاربوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تائێستایش خەڵک بەگشتی هاواردەکات ئەم حکومەتە بەهۆی کۆمەڵێک بەرپرسەوە گەندەڵبووە، لەزەلکاوی گەندەڵیدا چەقیوەو ناتوانێ بێتە دەرەوە. ئەمە تائێرە ئاساییە کەخەڵک هاوار لەگەندەڵی و دزی و فزی بەرپرسەکان دەکات. بەڵام ئیتر لەوێوە ئاسایی نییە کەبەرپرسەکانیش بەجۆرێک لەجۆرەکان هاوار لەدەست گەندەڵی دەکەن و خۆیان بەبەشێک لەخەڵک دەزانن. جانازانین ئایا خەڵک گەندەڵە یاخود بەرپرسەکان.؟ لێرەوە ئاسایی نییە بەرپرسانیش هەمان شێوەی خەڵک دادو بێدادیان بێت لەدەست گەندەڵی. چونکە ئەوە بەرپرسانن حکومەتەکەیان گەندەڵکردووە نەک خەڵک. ئەوە بەرپرسانن ئەم وڵاتەیان خۆشناوێت و خزمەتی خەڵکەکەی ناکەن. دەمی هەر بەرپرسێک دەکەیتەوە داوای شەفافییەت و خزمەتی باش دەکات بۆ خەڵک، داوای چاکسازی و پاکسازی دەکات لەحزب و حکومەتدا، داوا دەکات ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کەخزمەتی خەڵک بکرێت و چاکەیان بدرێتەوە. بەڵام ئەوەی پرسیار دروستدەکات ئەوەیە باشە بەرپرسان داوای چاکسازی و پاکسازی لەکێ دەکەن لەکاتێکدا کەخۆیان سەرچاوەی گەندەڵین.؟ خەڵک مافی خۆیەتی دادو بێدادی بێت داوای چاکسازی بکات لەحکومەت و بەرپرسانی، چونکە ئەوانن حکومەتەکە بەڕێوەدەبەن و کاربەدەست و وەزیرو مدیرعامن تێیدا، نەک خەڵکێکی ئاسایی گەڕەکە هەژارەکانی شار کەزستانان تائەژنۆی دەچێتە قوڕەوەو هاوینانیش تەپوتۆزو مێشوولە چاوی کوێردەکەن.

چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی بەوە ناکرێت بەرپرسانی حزبی و حکومی فێرکەیت بەبۆنەو بێ بۆنە قسە بۆخەڵک بکەن و باسی گەندەڵی بکەن، گەندەڵی بەوە بنەبڕناکرێت لەتیڤییەکانەوە بەرنامەی لەسەربکەیت و قسەی زلزل بۆخەڵکی بێتاقەت و بێزار بکەیت. چارەسەری گەندەڵی زۆر ئاسانە گەرحکومەت مەبەستی بێت. خەڵک نالێت: بابەرپرسەکان مووچەی زۆرو زەوەندیان نەبێت، خەڵک نالێت: بائەوان دزی نەکەن و پارەی ئێمە لوشنەدەن. خەڵک ئەڵێت: بابەرپرسەکان موچەیان زۆربێت، بەڵام مووچەی زۆریش بۆ کارمەندانی حکومەت دابین کەن. خەڵک ئەڵێت: بابەرپرسان پارەو پولی زۆر بۆخۆیان گلدەنەوە بەڵام دەست لەبازارو باڵەخانەی بەرز هەڵگرن و واز لەگومرگی سەر پێداویستییە رۆژانەییەکانی ئێمە بهێنن. خەڵک ئەڵێت: باحکومەت لەبری بارەگایەکی حزبی و حکومی هەزار بارەگای هەبێت وەک ئێستا، بەڵام ئەو بارەگایانە لەخانووی ئەهلیدا نەبن و بینای تایبەتیان بۆ دروستکرێت، بۆئەوەی خەڵکیش بتوانێ لانیکەم بەو مووچەیەی مانگانە دەستی دەکەوێ لەلایەن حکومەتی عیراقەوە کرێی خانووەکەی دابینکات. خەڵک ئەڵێت: بابەرپرسان لەگوندە خۆشەکان کێڵگەی کشتوکاڵی و ڤێلایان هەبێت، بەڵام کۆڵان و شەقامەکان بۆ ئێمەیش قیرتاوکەن. پردی زۆر بۆ شارەکان دروستکەن و ئۆردوگای نیشتەجێبووین زۆر بکەنەوەو ئاوی پاک و کارەبای بەردەوام بۆ خەڵک دابینکەن. بەڵام ئایا ئەوانە دەکەن.؟ هەڵبەت نەخێر، دەبڕۆ بەخێر چی گەندەڵی .

## خاڵۆ ئەواکس دەڵێ

**بەرپرسی** لایەنێکی دەرەوەی دەستەڵات داوای لەسەرۆکی پەرلەمان کردبوو کەچەند کەسێکی دەرچووی زانکۆ دابمەزرێنێ، ئەو لەوەڵامدا گوتبووی بەبڕیاری حکومەت دامەزراندن راوەستاوە ئەگەر داواش بکەم دایاننامەزرێنن!! بەڵام دوای ماوەیەکی کەم ژمارەیەک کەس کەدەرچووی زانکۆش نەبوون بەبڕیاری سەرۆکی دیوانی حکومەت دامەزرێندران و چوار لەوانیان بۆ وەزارەتی ژینگە رەوانەکرد !!

**باسی** سکرتێری دوو لایەنیان بۆ کردووم، یەکێکیان پێشتر ئەندام پەرلەمانیش بووە، شەوانە لەهەولێر دادەنیشن و قومار دەکەن. نازانم قومارەکەیان لەمووچەی خۆیان دەدرێ یان لەو دەفتەر دۆلارانەی کە حکومەت پێیان دەدات؟!

**بەرپرسی** لایەنێک لەئەوروپاوە بەئەقلیەتی کوردستان کار دەکات، لەمەراسیمی ساڵیادی هەڵەبجەدا داوا لەنوێنەری چاک دەکات کە وتارەکەی تەواو نەکات و بێتەخوارەوە، بەڵام ئامادەبووان چەپڵەیەکی بەهێز بۆ نوێنەری چاک لێدەدەن و داوای لێدەکەن وتارەکەی تەواو بکات و هەر پێوانەش بۆ بەرپرسەکە نەکات!!

**ئەوەی** ئەو ئاهەنگانە ببینێ کەلایەنە دەستەڵاتدارەکان بەبۆنەو بێبۆنە سازی دەکەن، وا دەزانێ کە کوردستان چراخانەو بەچرکەش کارەبای لێنابڕێ!! وا دەزانێ کوردستان تاکە هەژارێکی تێدا نیە!!


ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی- یانەی قەڵەم سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. ٠٧٣٠١١١٣٠٦١



پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com